**حكومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانكۆی سەلاحەدین _هەولێر**

Salahaddin University _ Erbil

# ((جێناوەكان لە شێوەی ئاخاوتنی زرارەتی ))

لێکۆلینەوەیەکی دەرچوونە پێشکەش بە کۆلێژی زمان / بەشی زمانی کوردی ، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

ئامادەکراوە لەلایەن:

**كبير ڕەشاد غرفان**

بەسەرپەرەشتی:

**تریفه محسين احمد**

**٢٠٢٣ زاینی** **١٤٤٤ کۆچی** **٢٧٢٣ کوردی**

## پێشکەشکردن:

- ڕەنج و ماندوبونی توێژینەوەکەم پێشکەشە بە :
- دایک و باوکم و خێزانەکەم.
- هەموو مامۆستاو هاوڕێکانم.
- هەر کەسێک کە خوازیاری زانست و زانیاری بێت.

**سوپاس و پێزانین:**

- سوپاس بۆ خوای گەورە کەئەو توانایەی پێبەخشیم کە توێژینەوەکەم بەکۆتا بێنم.
- سوپاس بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم ( تریفه محسن احمد) کە زۆر یارمەتی دەرم بوو لە توێژینەوەکەم.
- سوپاسی دایکم و باوکم دەکەم کە لەسەرەتای قۆناغی خوێندنمەوە تاکو ئیستا کەمتەرخەمیان نەکردووە لەیارمەتیدانم.
- وە سوپاسی مامۆستا (ڕزگار ئیسماعیل) دەکەم کە ناونیشانی توێژینەوەکەمی بۆ هەلبژاردم و زۆر ڕێنوێنی کردم لە باسەکم.
- وە سوپاسی هاوڕێکەم ( جیهاد جمال ) دەکەم کە ئەرکی تایپکردنی توێژینەوەکەمی لە ئەستۆگرت.

## ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................................................................................ 4
بەشی یەکەم (تەوەرەی یەکەم ) چەمک و پێناسەی جێناو ............................................. 5-6
تەوەرەی دووەم (جۆرەکانی جێناو ) ........................................................................ 7-8
تەوەرەی سێیەم ( ناوچەی زرارەتی )........................................................................9
شوێنی جوگرافی ...............................................................................................10
شوێنی نیشتەجێبوونی زراریەکان ............................................................................11
ڕەهەندی مێژویی ناوچەی زرارەتی .. ..................................................................... 11
بەشی دووەم ...................................................................................................12
جێناو لەڕووی واتاوە ..........................................................................................12-16
جێناو لەڕووی پێکهاتەوە.......................................................................................17-18
ئەنجامەکان......................................................................................................19
سەرچاوەکان ...................................................................................................20
چاوپێکەوتنەکان.................................................................................................21

## پێشەکی:

**ناو نیشانی توێژینەوەکە :** (جێناوەکانە لەشێوە ئاخاوتنی زرارەتیدا)یە . بواری توێژینەوەکە لەئاستی مۆرفۆلۆژی دایە لەچوارچێوەی جێناوەکان لە شێوەئاخاوتنی زرارەتی ، ئاشکرایە هەموو زمانێک لەچەند شێوەزارێک پێکهاتووە بەلام زمانی کوردی بەهۆی ،بارودۆخە تایبەتیەکانی بەشی زیاتری لێبۆتەوە.

**هۆی هەلبژاردنی بابەتەکە:** گرنگی جێناوەکانە لەشێوەئاخاوتنی زرارەتی بە بەراورد لەگەل زمانی ستانداردی ئیستا هەروەها ئەم توێژینەوەیە ببێتە سەرچاوەیەک بۆ دەستنیشانکردنی نزیکی و بەراوردی شێوە ئاخوتنی زرارەتی لەگەل شێوە ئاخوتنەکانی تری زمانی کوردی.

**سنوری توێژینەوەکە :** شێوەئاخاوتنی زرارەتییە لەچوارچێوەی جێناوەکان لە ڕوی (واتا و پێکهاتە و ئەرکەوە) . ڕێبازی توێژینەوەکە: بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری توێژینەوەکەمان ئەنجامداوە .

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:** بێگومان هیچ باسێک بێ کەم و کورتی نیە ، باسەکەی ئێمەش کەم و کورتی کەمی سەرچاوەی هەیە ، بەتایبەتی لەو لایەنەی مۆرفۆلۆجی کە پەیوەست بێت بە شێوە ئاخاوتنی زرارەتی.

**پێکهاتەی لێکۆلینەوەکە :** لە پێشەکی و ئەنجامەکان و دوو بەش پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم :** چەمک و پێناسەی جێناو و جۆرەکانی جێناو هەروەها کورتەیەک باسی زرارەتیمان کردووە ئاخۆ لەچیەوە هاتووە ،دواتر ناوچەی زرارەتیمان لەڕوی جوگرافی و مێژوییەوە باس کردووە.

**بەشی دووەم :** بریتیەلە جێناوەکان شێوەئاخوتنی زرارەتی لەڕوی (واتا و پێکهاتەو ئەرکەوە).

## بەشی یەکەم:

### تەوەری یەکەم:

### چەمک و پێناسەی جێناو:

چەمکی جێناو وەک بەشە ئاخاوتنێک کە لە بڕی ناو بەکاردێت ڕۆڵ و ئەرک و گرنگی خۆی هەیە, لەمڕوانگەیەوە جێناو لەلایەن زمانەوانان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە تێڕوانین و پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە .لەزمانی کوردیدا جگە لەزاراوەی جێناو هەندێ جار زاراوەکانی (ڕاناو ,.جێناف ,ڕانا ...هتد) بەکار دێت ,(خۆشناو ،نەریمان عەبدولا. ٢٠١٠ ،٣٦) کەهەر هەمویان هەمان مەبەست و واتا دەگەیەنن. جێناو بەشێکە لەبەشەکانی ئاخاوتن , کەلەجێی ناوی کەسێک یان شتێک دێت واتا دەبێتە جێگرەوەی ناو. دەتوانین لە سێ ڕوانگەوە لە جێناو بکۆلینەوە ئەوانیش جێناو (لەڕوی واتاوە ,لەڕوی پێکهاتنەوە , لەڕوی ئەرکەوە ).

**جێناو**: لەڕاستیدا ئەگەر وشەیەک لەبنەڕەتدا ناو بێ نابێ لەهەمانکاتدا لەڕیزی ئاوەلناو یان ژمارە دابنرێ بەلام هەرچی جێناوە بەشێوەیەکی ترە. (حاجی مارف ، ئاورەحمان . ٢٠١٤ ، ٥) واتا هەر جێناوێک لەیەک کاتدا لەگەل بەشێکیتری ئاخاوتندا نزیک دەبێتەوە بەوێنە جێناوی کەسی جودایی (من ،تۆ , ئەو) لەناو نزیک دەبێتەوە جێناوی نیشانەی (ئەو ،ئەم) لەئاوەلناو نزیک دەبێتەوە بۆیە کێشەی ئەوە دێتە پێشەوە. بەگشتی پێویست دەکا جێناو وەک بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ جییا بکرێتەوە و بەتایبەتی گوێ نەدرێتە ئەوە کە بەشێککیان (من,تۆ,ئەو) لەناو نزیک دەبنەوە و بەشێکی تریان (ئەم ,ئەو) لەئاوەلناو و... هتد. یاخود ڕاستر وایە جێناو وەکو گروپێکی ڕێزمانی جیا نەکرێتەوە بەسەر ئەو بەشە ئاخاوتنانەدا دابەش بکرێ کەنیشانەی وێکچون لەنێوانیان دا هەیە.

**جێناو** : سەبارەت بەجێناو  بەکەس و ژمارەوە بەشێکی ئاخاوتن پێکدەهێنێت و لەبری ناو بەکاردێت و شوێنی ناو دەگرێتەوە . بەندە بەکەس و ژمارەوە, هەروەها ئەرکەکانی ناویش دەگرێتەوە .( شوانی ، ڕەفیق . ٢٠١٤ ،٦٠).

**جێناو** : ئەو مۆرفیمانەن کە ئاماژە بۆ کەس دەکەن و لەبەری کەس بەکاردێن ( دزەیی ، عەبدولواحید موشیر. ٢٠١٥، ٧١ ).

**جێناو** : بەشەئاخاوتنێکە کەدەتوانێت شوێنی ناوێک یان فرێزێکی ناوی بگرێتەوە و ئەرکەکانی ناو لەڕستەدا ببینێت لەناو جێناوەکاندا تەنها جێناوی کەسی بەجێناو دادەنرێت , چونکە دەکرێت لەجێی فرێزێکی ناویی لەڕستەدا بیت کە ئەمیش بباوازە لەپۆلکردنی چەشنەکانی جێناودا . (برزۆ ، ئومێد برزان .٢٠٠٩ ،٦).

**تەوەری دووەم :**

جۆرەكانی جێناو:

یەكەم لەڕوی واتاوە :

ا-جێناوی كەسی

أ-كەسی سەربەخۆ

ب-كەسی لكاو

٢ -جێناوی نیشانە

٣ -جێناوی خۆیی

٤ -جێناوی هەیی

٥ -جێناوی هاوبەش

٦ -جێناوی نەرێنی

٧ -جێناوی چەندیەتی

٨ -جێناوی دیار

٩ -جێناوی نادیار

١٠ -جێناوی پریاری

١١ -جێناوی لێكدەر

**دووەم لەڕوی پێکهاتەوە :**

ا-جێناوی سادە

٢ -جێناوی داڕژاو

٣ -جێناوی لێکدراو

**سێیەم لەڕوی ئەرکەوە :**

ا-ئەرکی بکەر

٢ -ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ

٣ -ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ

٤ -ئەرکی نیهاد

٥- ئەرکی گوزارە

**تەوەری سێیەم:**

**ناوچەی زرارەتی**

کورتەباسێک دەربارەی ناوچەی زرارەتی : لەبارەی وشەی (زراری) یەوە هەلبەتە لێرە چەند بیر و بۆچونێک هەن لەبارەی وشەی زراری ئاخۆ لەچیەوە سەرچاوەی گرتوە ئیمە هەول دەدەین بەپێی توانا هەندێک لەو بیر و بۆچونانە بخەینە ڕوو .

١ –لەڕاییەکدا دەلێن ناوی زراری لە ( (زەرانە)هاتووە کە کۆی ناوی (زەر) بەواتای (زەرد یان زێر ) دێت بەمانای ڕێگەی زەرد یا زێرین یان ڕێگای پەیرەوانی ئاینی زەردەشتی.

٢ –بۆچونێکی تر پێی وایە کە وشەی زراری لە (زروانیەوە) کەکۆمەلێکی یان مەزهەبێکی ئاینی زەردەشتی بوون کە ئاینێکە بە پێی تێگەیشتنی ئەو ئاینە (ئاهورا مەزدا) (خرا) (ئەهریمەن) شەیتان دوجەم سەرگیری چاکوخراپەن .(١)

٣ –لەڕایەکی تر دەلێن وشەی زراری لە ئەسحەد بن ژوارەوە هاتووە کە کاتی هاوەلێکی پەیامبەری ئیسلام بووە بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی ئیسلام بە کوردستانی ئەوکات هاتۆتە ناوچەکەوە دواتر ئەو خێلەی پاشخۆی جێهێشتوە . (٢)

٤ –لەڕایەکی تر دەلێ کەوشەی زراری لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە خەلکی گوندی (زرارا) ی سەر بە ناحیەی (گۆڕەتوی ) قەزای (مێرگەسۆر ) کەخەلکی ئەم گوندە بەچەند هۆکارێک کۆچیان کردوە. بۆ ئەوناوچەیەی کە ئیستا زراریەکانی لێنیشتەجێ بونە تا ئیستاش بەوەوە ناوبانگیان دەرکردوە واتا ناوی زراری لەزرارانەوە هاتو.(٣)

• چاوپێکەوتن لەگەل (م.مەهدی خەیری ئەسوەد) تەمەن ٣٩ سال دانیشتوی گوندی باوەخلان له بەرواری (١/٤/٢٠٢٣) .(١)

• چاوپێکەوتن لەگەل( وەلی اسماعیل حمد ) تەمەن ٧٤سال دانیشتوی گوندی باوەخەلان لەبەرواری( ٢٨/١٢/٢٠٢٢) .(٢)

•چاوپێکەوتی لەگەل (م ڕەشید مامل سەلیم) تەمەن ٧٠سال دانیشتوی گوندی باوەخەلان له بەرواری(٢٥/١٢/٢٠٢٢) . (٣)

**بەگشتی زراریەکان کەوتونەتە ئەم ناوچانەی خوارەوە**

**شوێنی جوگرافی**:

ناحیەی دارەشەکران یەکێکە لەو ناحیانەی سەر بەقەزای خەباتە لەسنوری پارێزگای هەولێر , کە یەکێکە لەپارێزگاکانی کوردستانی عێراق , لەڕوی جوگرافیەوە کەوتۆتە باکوری خۆرئاوای پارێزگای هەولێر لەڕوی ئیداریەوە سەر بە قەزای خەباتە لەڕۆژهەلاتەوە ئەکەوێتە قەزای سلاحەدین و لەباکوری سنوری ناحیەی هەریرە. وەلەخۆرئاوا ئەکەوێتە سەر زێی گەورە لەباشورەوە ئەکەوێتە سر سنوری ناخیەی بەحرکە ., ئەم ناوچەیە بە ئاژەلداری و کشتوکالی بەناوبانگە. ڕوبەری ئەم ناحیە (٢٨٧،٧٨)کم دووجایە. کەنزیکەی (٩٤،٢٢)لەکۆی ڕوبەری قەزای خەباتە , ڕوبەری زەوی کشتوکالی (١٤٢،٤٩١) دۆنمە , زۆربەی خەلکی سنورەکەی فەرمانبەرن و لەفەرمانگاکانی حوکومەتن , لەبەر ئەوەی سنورێکی زۆری ئەم نەحبەیە ئەکەوێتە سەر زێی گەورە سودێکی زۆری هەیە بۆ کشتو کالی ئاودێری .(عەبدولڕەحمان کرێکار. ٢٠١٨ ، ٨١-٨٢ )

## شوێنی نشتەجێبونی زراریەکان:

١-لەباشوری کوردستان/ عێراق لەنێوان زنجیرە چیای بێرەک بە بەستی بەستۆڕە لەلایک و لەدەورو بەری موسلیش نیشتەجێن بەلام ئەمانەی دوای لەڕوی ئاینزانیەوە مەزهەب و شیعەن.
٢- لەڕۆژهەلاتی کوردستان / کوردستانی ئیران (شنۆ و نەغەدە ) نیشتەجێن.

٣- لە ڕۆژئاوای کوردستان /کوردستانی سوریا ، لەو بەشە کوردستانیش ( زراری) یەکانیش لەناوچەکانی ( کۆبانێ) و دەوروبەری نیشتەجێن.

٤ – هەروەها لەولاتی میسر لەپارێزگای (ئیسماعیلیە) و (ئەسکەندەریە) و (قاهیرە ) نیشتەجێن.

٥ – لەولاتی فەلەستین لەشاری (الفلیل )زراریەکان بونیان هەیە.

٦ – لەسوریای عەرەبی لەپارێزگای حەلەب بونیان هەیە.

٧ – هەروەها لەشاری (تەڕابلوس و لوبنان و لیبیا )بونیان هەیە.

(عەبدولڕەحمان کرێکار. ٢٠١٨، ٧٤)

## ڕەهەندی مێژویی ناوچەی زرارەتی:

بەتێروانین لە مێژوی ناوچەکە بۆمان ڕوندەبێتەوە لەکەلە دێر زەمانەوە چیان لەو ناوچەیەدا هەبوە بەهۆی ئاوهەوای گونجاو ، ئەو ئاسەوار پاشماوانەی کەلەناوچەکەدا ماون بەلگەنە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە (عەبدولڕەحمان کرێکار. ٢٠١٨ ، ٨٣)لەو بەڵگانەش پاشماوەی عوسمانیەکان لەگوندی (باوەخەلانە ) سەر بە ناحیەی دارەشەکران هەروەها چەندین پاشماوەی تریش شایەدی ئەم ڕاستیەن . وەکو گۆڕستانی گوندی (باوەخەلان) چونکە وا دەرکەوتوە هەندێک گۆڕستانەکان ڕویان لە (قودسە) لەسەردەمی ئیسلامیش وادەرکەوتوە کەژیانی لێ بوە , چەندین گۆڕستان و مەزارگەی ئاینی لێیە , وەکو گۆڕستانی شێخ بارینە لە باوەخەلان , وە مەزارگەی شێخ ایوب لە گوندی (قەپەکیان) هەروەها کۆستان و ئەشکەوتەکانی باوەخەلان نمونەش ئەشکەوتەکانی (دایماوان. کتک. جمک, نێرگزین ) گۆرستانەکانی ( شێخ بارینە , کەنی مەلا ئۆمەران, دار مەمودان, سۆرکین, قەبری سپی , شێخ محەمەد , حاجی شێخ , بەردە هوردان ) . (١)

(چاوپێکەوتن لەگەل م.ڕەشید مامل سەلیم) تەمەن ٧٠ سال دانیشتوی گوندی باوەخەلان لە بەرواری( ٢٥/١٢/٢٠٢٢) . (١)

## بەشی دووەم

یەکەم: جێناو لەڕووی واتاوە

١- جێناوی کەسی : واتای کەسی گیاندار دەگرێتەخۆ, کەئەوانیش قسەکەر و گوێگر و نائامادە دەگرێتەوە,جێناوە کەسیەکانیش دوو جۆرن:

أ – جێناوی کەسی سەربەخۆ: ئەوجێناوانە دەگرێتەوە, کەلەڕوالەتدا سەربەخۆن و واتای کەسی گیاندار دەگەیەنن. هەروەها واتای کەسەکە یان کەسەکان نیشان دەدەن و پەیوەندیان بەکەسانی دیکەوە روندەکەنەوە, لەشێوە ئاخاوتنی زرارەتی یەک کۆمەلە جێناوی کەسی سەربەخۆمان هەیە. بەم شێوەیە:

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| قسەکەر – یەکەم | ئەمن | ئەمە |
| گوێگر – دووەم | ئەتوو | ئەنگۆ |
| نائامادە – سێیەم | ئەو | ئەوان |

ئەمن نامەکەم نارد.

ئەمە نامەکەین نارد.

ئەتو نامەکەت نارد.

ئەنگۆ نامەکەو نارد.

ئەو نامەکەی نارد.

ئەوان نامەکەیان نارد.

ب- جێناوی کەسی لکاو : بەو جێناوانە دەوترێت, کەلەڕوالەتدا سەربەخۆنین بەلکوبەشێوەیەکی لکاوبەکارێک یان ناوێک دەلکێن .ئەم جێناوانە لە ئاخاتن ونوسیندا شوێنو جێگەی جێناوە کەسیە سەربەخۆکان دەگرنەوە. ئەوجێناوانە بەتەنیا هیچ مەبەستێک نەلەئاخاوتن و نەلەنوسیندا بەدەستەوە نادەن, بەلام کەلکان بەوشەکانی پێش خۆییان ئینجا مەبەست دەپێکن .

**جێناوە لکاوەکان لەشێوەئاخاوتنی زرارەتی دوو کۆمەڵەن بم شێوەیە:**

**کۆمەڵەی یيەکەم:**

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| قسەکەر – یەکەم | م | ین |
| گوێگر – دووەم | ت | و |
| نائامادە – سێیەم | ی | یان |

.برد

بردم – بردین

بردت – بردوو

بردی – بردیان

**کۆمەڵەی دووەم:**

| کەسەکان | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| قسەکەر – یەکەم | م | ین |
| گوێگر – دووەم | ی | ن |
| نائامادە – سێیەم | – | ن |

.هات

هاتم – هاتین

هاتی – هاتن

هات – هاتن

**٢ – جێناوی نیشانە** : ئەو جێناوانەنە کەلەجێی ناوێک یان شتێک دادەنرێت و دەستنیشانی دەکەن جێناوەکانیی.

ئیشانەش لهەشێوەە ئاخاوتنی زرارەتی بەم شێوەیەن:

ئەوە ......... بۆتاکی نێر و مێی نزیک بەکاردێت.

ئەوانە ........بۆککۆیی نێر و مێی نزیک بەکاردێت.

ئەوێهێ .......بۆ بۆتاکی نێر و مێی دوور بەکاردێت.

ئەوانێهێ .......... بۆکۆی نێر و مێی دوور بەکاردێت.

نموونەکان...........

ئەوە جوانە.

ئەوانە ژن و پیاوی ئازان.

ئەوێهی باشە.

ئەوانێهێ هەر نهاتن

**٣ –جێناوی خۆیی** : جۆرێکە لەجێناوەکان کەواتای خاوەنیەتی و خاوەنداریەتی دەگەیەنی .فۆرمی سەرەکیی جێناوی خۆیی لەەشێوە ئاخاوتنی زرارەتی (پەخۆ)یە.کەبۆ قەسەکەر و گوێگر و نائامادە بەکاردێت , بەم شێوەیە:

پەخۆم – پەخۆین

پەخۆت – پەخۆو

پەخۆی – پەخۆیان

نموونەکان..............

پەخۆم دارەکەم ئاودا.

پەخۆین دارەکە ئاودا.

پەخۆت دارەکەت ئاودا.

پەخۆو دارەکە ئاودا.

پەخۆی دارەکەی ئاودا.

پەخۆیان دارەکەیان ئاودا.

٤ **–جێناوی هەیی** : جۆرێکە لەجۆرەکانی جێناو لەڕوی واتاوە, کەواتای خاوەنداریەتی دەگەیەنی دەکرێت خاوەنەکەشی ناو بێ یان جێناو کەلەنێو ڕستەدا ئەرکی ناوەکە یان جێناوەکەی پێدەسپێردرێ .لەشێوە ئاخاوتنی زرارەتی تەنها فۆرمی (ییَ) بۆ جێناوی هەیی بەکاردێت وەک:

ئەو کتابە یێ منە.

قەرەمەکە یێ توە .

٥ **– جێناوی هاوبەش** : ئەو جێناوانەنە کە هاوبەشی لەنێوان دوو کەس یان دووشت دروستدەکەن ،فۆرمی جێناوی نیشانە لەشێوەە ئاخاوتنی زرارەتی (یەک)و(یەکدی) یە هەروەک:

یەک لە یەک زیرەکترن.

یەک لەیەک جوانترن.

هاوکاری ییەکدی ئەکەین.

نامە لۆ یەکدی ئەنێرین.

٦ **–جێناوی نەرێنی** : ئەو جێناوانەنە کە نەرێنی کەسێک یان شتێک ڕادەگەیەنن .لەجێناوی نەرێنی لەشێوە ئاخاوتنی زرارەتی فۆرمەکانی (چ) و (هیچ) بەکاردێن. هەروەک:

هیچ کەسم نەدیتیە .

چ کاری نەکردوە.

٧ **–جێناوی چەندیەتی** : ئەو جێناوانەنە کە ڕێژەی کەسەککان یان شتەکان دیاری دەکەن, واتای چەندیەتی و پسیار دەبەخشێ . فۆرمەکانی جێناوی چەندیەتی لەشێوە ئاخاوتنی زرارەتی بریتین لە (چەند – چەندە – چەندی– هندە –هندی ) هەروەک:

چەند کەسن.

نرخەکەی چەندە.

چەندی نان خوارد.

هندە کەسەنە.

کوڕەکە هندی توە.

٨ – **جێناوی دیار** : ئەو جێناوانەنە کە ژمارەی کەسەکان یان شتەکان لەڕستەو دەقدا دیاری دەکەن . فۆرمەکانی جێناوی دیار لەشێوە ئاخاوتنی زرارەتی بریتین لە (هەر) و (هەموو) و (تەواو) . هەروەک:

هەر کەسەو کاری خۆی.

هەموو پیاوەکان هاتن.

کارەکە تەواو بوە .

**٩- جێناوی نادیار** : ئەو جێناوانە دەگرێتەوە کەلەبری ناوی کەسێک یان گیاندارێک یان هەرشتێک بەکاردەهێنرێن, بەلام ئەو ناوە دیار نیە کە کێیەو چیە . لەشێوەئاخاوتنی زرارەتی لەجێناوی نادیار فۆرمەکانی (کابرا – کەسەک– فران – هین – یەکەک ) بەکاردێن هەروەک:

کابرا باشی لێدا.

کەسەک نانەکەی هێنا.

فرانە پیاوە بوو.

هینەکەم برد.

یەکەک زۆر زیرەکە.

١٠ – **جێناوی پرسیاری** : ئەو جێناوانەنە کە پسیار لە کەسێک یان شتێک یان کاتێک یاخود ڕوداوێک دەکەن . فۆرمەکانی جێناوی پسیاری لە شێوە ئاخاوتنی زرارەتی بریتین لە ( کێ – کیهان – کیهانە – لۆ – لە – لەچێدێ) هەروەک:

کێ قەلەمەکەی بردوە.

کیهان جوانترە.

ئەو کوڕە کیهانە.

لۆ بەیانی نەهاتی.

لەبازار چتدەکرد.

لەکێدێ کراسەکەت کڕیە.

**١١-جێناوی لێکدەر** : ئەوجێناوانەنە کەلەجیاتی ناوی کەسێک بان شتێک بەکاردەهێنرێن هەروەها دوڕستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و رستەیەکی ئالۆز دروست دەکەن . لەشێوەە ئاخاوتنی زرارەتی فۆرمەکانی (وکی ) و (مادام) لەجێناوی لێکدەر بەکاردێن. هەروەک:

وکی ڕۆیشتی خەبەرم بدێ.

ئەحمەد مادام نەهاتە سەفرەی قسا تەگە ناکەم .

**دووەم جێناو لەڕوی پێکهاتەوە**

**١-جێناوی سادە :** لەیەک وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکدێت . لەشێوە ئاخاوتنی زرارەتی وەک: (کێ, کیهان, ئەو ، ی ، یێ )

کێ نهات.

کیهان بینم.

ئەو نەفەرە بوو.

نانی بخۆ.

کتابەکە یێ منە.

**٢- جێناوی داڕژاو** : لەوشەیەکی سادە لەگەل پێشگرێک یاخود پاشگرێک یاخود پێشگر و پاشگرێک پێکدێت . وەک لە شێوە ئاخاوتنی زرارەتیدا : (ئەوە , ئەوانە , کیهانە , کیهان )

ئەوە کوڕەکەیە.

ئەوانە کێنە ؟

چیهانە زۆرخۆرەکە ؟

چیهان خانی یێ تووە ؟

۳ **–جێناوی لێکدراو :** لەدوو وشەی واتادار یاخود زیاتر پێکدێت وەک لەزرارەتیدا (هەمووشتەک ,هەمووکەسەک , هەر کەسەک )

هەموو شتەک پەوەختێ خۆ خۆشە.

هەموو کەسەک بایی خۆی ئەزانی.

هەر کەسەک بێت ئەمن ئەڕۆم .

سێیەم :جێناو لەڕوی ئەرکەوە

بەشەئاخوتنی جێناو دەتوانی لەرستەدا ئەرک ببینێت وەک : (بکەر , بەرکاری ڕاستەوخۆ , بەرکاری ناڕاستەوخۆ, نیهاد , گوزارە )

**ئەرکی بکەر** : ئەمن کارەکەی تەواو ئەکەم.

**ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ**: ئەمن ئەوم بینی.

**ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ** : بەتو ئەرێم.

**ئەرکی نیهاد** : پەخۆ جوانە.

**ئەرکی گوزارە** – کتابەکە یی ئەوانەیە .

**ئەنجامەکان:**

١ -ئەم جۆرە جێناوانە لەشێوە ئاخاوتنی زرارەتی دەردەکەون ،یەکەم : جێناو لەڕوی (واتا) و دووەم لەڕوی (پێکهاتەوە)و سێیەم لەڕوی (ئەرکەوە).

٢ -جێناوەکانی (کەسی ، نیشانە ، هاوبەش ، نەرێنی ، چەندیەتی ، دیار ، نادیار ، پرس ، سادە ، دارڕاو ) لەشێوە ئاخاوتنی زرارەتی هەن و خالی هاوبەش و جیاوازیان هەیە.

٣ -شێوەی ئاخاوتنی ناوچەی زرارەتی نزیکە لەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست.

٤ -زۆربەی جێناوەکان لەناوچەی زرارەتی هەن و هەندێک لەو جێناوانە جیاوازیان لەگەل شێوە ئاخاوتنەکانی تر هەیە، بەتایبەتی جێناوی هەیی( یێ) زیاتر تایبەتمەندی ئەم شێوە ئاخاوتنە دەردەخا.

٥- جێناوی کەسی لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ ، کۆمەلەی دووەم تایبەتمەندی زیاتری شێوە ئاخاوتنی زرارەتی تێدا دەبینرێ . بەوەی لەشێوە ئاخاوتنەکانی تر (تان) - بردتان بەکاردێ و لەناوچەی زرارەتی (و) - بردوو بەکاردێت .

**سەرچاوەکان:**

١ -نەریمان عەبدولا خۆشناو ، ڕێزمانی کوردی بەشەکانی ئاخاوتن ، چاپخانەی منارە، هەولێر . ،چاپی دووەم ٢٠١٠.

٢ -ئاوڕەحمانی حاجی مارف. ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (وشەسازی) بەشی دووەم (جێناو) ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ،هەولێر ،٢٠١٤.

٣ -ئومێد بەرزان برزۆ ، ڕێزمانی کوردی لەشێوەزاری خانەقینیدا ، چاپخانەی چوارچرا . سلێمانی ، ٢٠٠٩.

٤ -نەریمان عەبدولا خۆشناو ، ڕێزمانی کوردی ،چاپی پێنجەم ، ٢٠١٣.

٥ -کرێکار عەبدولڕەحمان ، هۆزی زراری ، چاپخانەی تاران، ئێران ، ٢٠١٨.

٦ -ڕەفیق شوانی ، وشەسازی زمانی کوردی ( لێکۆلینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی) ،چاپی دووەم ،٢٠١٤.

٧ -عەبدولواحید موشیر دزەیی . وشەسازی زمانی کوردی . چاپی سێیەم ،٢٠١٥.

٨- کوردستان موکریانی . جۆرەکانی جێناو و دەوریان لەڕستەی کوردیدا ، بەغدا ،١٩٨٠ .

## چاوپێکەوتنەکان:

١ -چاوپێکەوتن لەگەل (م.مەهدی خەیری ئەسوەد) تەمەن ٣٩ سال دانیشتوی گوندی باوەخلان له بەرواری (١/٤/٢٠٢٣).

٢ -چاوپێکەوتن لەگەل( وەلی اسماعیل حمد ) تەمەن ٧٤سال دانیشتوی گوندی باوەخەلان لەبەرواری( ٢٨/١٢/٢٠٢٢).

٣- چاوپێکەوتی لەگەل (م ڕەشید مامل سەلیم) تەمەن ٧٠سال دانیشتوی گوندی باوەخەلان له بەرواری(٢٥/١٢/٢٠٢٢) .